# پۆلێن و مێژووی پۆلێنکردن و سوودوئامانجەکانی پۆلێنکردن

ئارام مەجید عەلی

## پـــۆلێنکـــردن

وشەی پۆلێن (التصنیف) لەوشەی(classification) ئینگلیزیەوە وەرگیراوە,لەبنەمادا وشەیەکی لاتینیەو داڕێژراوە,ماناو دەربڕینەکەی یان هێماکەی بۆ گروپ و دەستە و چین و توێژێکە واتە(class) کە کۆمەڵگەی لێپێکدێت, چونکە کۆمەڵگە بەپێی هەندێ بنەما دەکرێت بەچین و تۆێژی جیاوازەوە,هەروەها (class) بەمانای پۆل و گروپ دێت و کۆمەڵە شتێك دەگرێتەوە کەیەك سیفەتی هاوبەش و چونیەکی لەناو خۆیاندا هەڵگرتووە,واتە سیفەتە سەرەکییەکە لەهەموو بەش و پێکهاتەکانی بەشدارە, کەواتە لکاری پۆلێنکردندا بابەتە لێکچووەکان لەشوێنیکدا کۆدەکرێتەوەو بابەتە جیاوازەکانی تر لەخۆی دوور دەخاتەوە, بەدڵنیاییەوە وشەی پۆلێن وشەیەکە بەسەر پرۆسەی رێکخستنی بابەتەکان (بیروبۆچونەکان,سەرچاوە,کەلوپەل)دەگونجێت, کەواتە پۆلێنکردنی کتێب و سەرچاوەکان بریتیە لەهونەری دۆزینەوەی بابەتی سەرەکی هەموو چاپکراوەکان و دانانی هێمایەك لەخشتەکانی پۆلێن,ئەو هێمایەی لەچۆلێنی دیوی بەکاردەهێنرێت لەژمارەدا خۆی دەبینێتەوەو ئاماژە بە بەباتی کتێب و سەرچاوەکان دەکات.

لەڕووی زاننەوە پۆلێن واتە جیاکردنەوەو دابەشکردن و لەڕووی زاراوەوە پۆلێن واتە رێکخستنی زانیارییە لەیەکچوەکان لەڕووی بابەتەوە لەشوێنێکی دیاریکراو بەهێمایەکی تایبەت, پۆلێن گرنگترین پرۆسەی هونەرییە کەلەگەڵ کتێبدا ئەنجام دەدرێت و بەبنچینەی کارە سەرکەوتووەکانی کتێبخانە

دادەنرێت و جێگایەکی دیارو گرنگی لەزانستەکانی کتێبخانەو زانیاریدا هەیە،لەبەر ئەوەی کاری ڕێکخستنی سەرچاوەی زانیاری و زانستی مرۆڤایەتیە لەبەر ئەوەش پۆلێنکردن بەکارێکی گرنگ و کۆڵەکەی کتێبخانە و بنکەی زانیارییەکان دادەنرێت. لەهەمان کاتدا پۆلینکردن هونەری دۆزینەوەی بابەتی کتێبەو بەهێما ئاماژەی بۆ دەکرێت,ئەو هێمایە یان ژمارەیە یان پیت و ژمارەیە بەیەکەوە,واتە هەربابەتێك لەسیتەمی دیاریکراوی پۆلێنکردندا هێمای تایبەتی خۆی هەیە. ئەمەش وادەکات بابەتە لەیەکچووەکان لەشوێنێکدا کۆببنەوە بەشیوەیەك هەر بابەتێك لەکتێبخانەدا یەك شوێنی دیاریکراوی هەبێت, کەواتە پۆلێنکردن بایەخدانە بەناوەڕۆکی بابەتە ڕۆشنبیریەکە و بەپێی سیستەمیکی تایبەتی زانستەکان ڕێکدەخات و هەر بابەتەی هێمای خۆی پێ دەبەخشێت .

لەدیارترین پێناسەشدا، پۆلێن بریتیە لەجیاکردنەوەی سەرچاوەکانی کتێبخانە، بەپێی بابەتەکانی و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ئەم بابەتانە بەپێی لێکچون و لێک نزیکیان لەبابەتەکاندا،بەمەرجێک لەبابەتی گشتییەوە بۆ بابەتی تایبەتی و لەهەمان پۆلدا، بەواتایەکی تر پۆلێن کۆکردنەوەی شتە لەیەکچوەکانە بەدانانی شتە لەیەکچووەکان لەگەڵ یەکتردا, بەپێی مەرجەکانی لەیەکترچونیان، هەروەها جیاکردنەوەی لەیەک نەچووەکانە بەپێی لەیەکتر نەچوون و نەگونجانیان، لەپێناسەیەکی دیکەشدا، پۆلێن بریتییە لە کۆکردنەوەو ڕێکخستنی کەرەستە لەیەکچووەکان لەبەشی دیاریکراودا بەگوێرەی خەسڵەتی لەیەکچونیان و جیاکردنەوەی لەیەکتر بەپێی بابەتەکانیان، ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی ڕێبازی دیاریکراوی پۆلێن دادەنرێن، کە بۆ دەرخستن و دۆزینەوەی بابەتی کتێب و سەرچاوەی زانیاری و دەستنیشانکردنی بەهێمایەک لەهێماکانی سیستەمی پۆلێنکردنی پەیڕەوکراو لەکتێبخانەکەدا، کەبەهۆیەوە خوێنەر لەهەر شوێن و ئاستێکی خوێندندا بێت بتوانێت بگات بەو سەرچاوانە، لەهەمان کاتدا پۆلێن بەکارو چالاکییە فراوانەکەی واتە کۆکردنەوەی بابەتە لێکچوو هاوشێوەکان،یان دانانی بابەتە هاوشێوەو نزیکەکان لەیەکەوەو پێکەوە،ئەمەش بۆ ئەوەی سەرچاوەی کتێبخانە بەئاسانترین شێوەو بەکەمترین کات بگاتە دەستیان، بەمەش ئاسانکاری ئەنجامدەدرێت بۆ دۆزینەوەی کتێبی دیاریکراوو زانینی شوێنەکانیان بەخێرایی و کەمترین کۆشش.

بەشێوەیەکی گشتی پۆلێنکردن ڕێکخستنە بۆ گەیشتن بە هەربابەتێك لەبابەتەکانی ڕۆشنبیری بەشێوازیکی ئاسان و خێرا و بەواتایەکی تایبەتیش بریتیە لە دۆزینەوەی شوێنی هەر پەرتوکێك، دیاریکردنی ئەم شوێنەش بەهێمایەك لەهێماکانی پۆلێنکردن دەبێت کەلەپەرتوکخانەکاندا بەکاری دێنن,کەواتە پۆلێنکردن بەواتا گشتیەکەی بریتیە لە ڕێکخستنی بابەتەکان بەپێی لێکچون و جیاوازیان.

هەر لەبەر ئەمەشە پۆلێن پێناسە کراوە بە دابەشکردنی لۆژیکیانەی زانیاری مرۆیی, لەگشتی تەواوەوە بۆ گشتی و بۆ تایبەتی و زۆر تایبەتی بۆ ئەوپەڕی تایبەتمەند, تادەگات بەبچوکترین بەشی ئەو زانیارییە مرۆییە.لە هەمان کاتدا هونەری دۆزینەوەی بابەتی هەموو مەتریاڵێکی کتێبخانەیە,بەهێمایەك دەردەبڕێت بەمەبەستی ڕێکخستنی کتێب و کۆکردنەوەی کتێبە لەیکچووەکان

بەشێوەیەك پەیوەندی بابەتیان بەیەوە دەرکەوێت و دانانی ئەو کتێبانەی کەبابەتەکانیان بەرێژەیەك لەیەك دەچن.

# مـــێژووی پـــۆلێنکردن

مرۆڤ لەکۆنەوە دەرکی بەکرداری پۆلێنکردنی بەرهەمە نوسراوەکانی کردووە لەهەر شونێك بوبێت.
مێژووی پۆلێنکردن زۆر کۆنە،دیاریکردنی سەرەتایەک بۆ مێژووی پۆلێن کارێکی ئاسان نییە، مرۆڤ هەر لەکۆنەوە گرنگی زۆریداوە بەپۆلێنکردن، بەپێی ئەو سەرچاوانەی کەبەدەستمان گەشتوون، مێژووی پۆلێنکردن دەگەڕێتەوە بۆ ٢٧٠٠ ساڵ پێش زاین،کەلەسەر تاتە قوڕ ئەنجامیان دابوو، ئەمەش لەکتێبخانەی نیبوور لەمیزۆپۆتامیا،
نوسین لەسەر ئەم تاتە قوڕانە بەپێنوسێکی نوک کانزایی بووە، یان تەختەدارێکی نوک تیژ،چونکە نوسینەکان لەسەر قۆڕەکە دەبوایە شوێنەکە چاڵ بکەن،ئەم تاتە قوڕینانە پاش وشک بونەوەیان دەبرانە نێو هۆڵێکی گەورەو بەپێی نوسینەکان جیا دەکرانەوە،دەتوانرێت بوترێت ئەم تاتە قوڕینانە ڕۆڵی کتێبیان بینیوە،چونکە بەسەدان وشە لەسەر یەک تاتە قۆڕ نوسراوە،
وەک وترا پۆلێن گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، ژیانی ئێمە لەنمونەکانی پیادەکردنی پۆلێن، بەبێ ئەوەی پێیان بزانین یان هەستی پێ بکەین، ئەوەتا ئێمە لەماڵەکانماندا ژووری میوان و نانخواردن و نوستن دیاری دەکەین، دەرمانسازیش دەرمانخانەکەی ڕێکدەخات و جێگەی تایبەت بۆ هەرجۆرە دەرمانێک دیاری دەکات،بۆئەوەی بەزووترین کات بیاندۆزێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، پۆلێنکردن بەچەمکی نوێوە لەم سەدانەی دوایدا و لەسەدەی پازدە بەم لاوە داهێنرا و گەشەی سەند و بەردەوام بەهۆی زیادبوونی کتێبەکان و زۆر بوونی پێداویستیەکان بەرەو پێشکەوتن ڕۆشتووە، مێژووی پۆلێنکردن مێژووی هەوڵدانی ڕێکخستنی بیری مرۆڤە,هەر لەوکاتەوەی هەستی بە دەوروبەری کردووە و بەشەکانی سروشتی لەیەك جیاکردەوە سەرتاو بنەمای پۆلێنکردنی هێناوەتە کایەوە, کەواتە هەر لەسەرەتاوە مرۆڤ هەوڵی داوە سیستەمێکی تایبەتی بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی شتەکای سروشت بەیەکەوە ببەستێتەوە و هەوڵی تێگەشتنیان بدات و پەیوەندی لەنێوانیاندا بدۆزێتەوە.

# سوود و ئامانجەکانی پۆلێنکردن

مرۆڤ هەر لەکۆنەوە گرنگی زۆریداوە بە پۆلێنکردن و لەژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکانەوە بۆ نێو ڕەفەی کتێبخانەکان, پۆلێنکردن سوود و ئامانج و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە,پێویستە گرنگی و بایەخی تایبەتی بەپۆلێنکردن بدرێت و ئەو گرنگەیەش لەبەرچاو بگیرێت.

چونکە پۆلێن تەنها کتێب و زانستەکانی ناوی ناگرێتەوە,بەڵکۆ زۆر بەکارهێنانی دیکەی هەیە لەژیانی ڕۆژانەماندا,ماڵ پێویستی بەپۆلێن هەیە, هەروەها پێشانگە و بازارەکان, سۆپەرمارکیتەکان بابەتەکانیان پۆل پۆل کردوە بەجۆرێك بابەتی لەیەکچوو بەتەنیشتی یەکەوەن, بەبێ پۆلێنکردن سەردانی بازاڕەکان ئاسان نابێت و چێژی لێوەرناگیریت,لەبواری پەروەردە و فێرکردنیشدا خوێندنگەکان و مامۆستاکان و خوێندکارەکان پۆلێنکراون بەپێی تایبەتمەندی خۆیان,

پۆلێنکردن نەك بەتەنها لەژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان پێویست و گرنگە, بەڵکو گرنگی و بایەخ و پێویستی و پۆلێن زیاتر لە کتێبخانەکاندا دەردەکەوێت,چونکە بەهۆی کاری پۆلێنەوە سەرچاوەکانی کتێبخانە لەڕووی بابەت و نزیکی و دووریان لەهەمان پۆل و بابەت ڕێکدەخرێن لەنێو ڕەفەکانی کتێبخانە,سوود و ئاماج و گرنگی پۆلێن لێرەدا دەردەکەوێت کەدەبێتە کارئاسانییەکی باش و یارمەتیدەر بۆ فەرمانبەرانی کتێبخانە و هاوکاریەکی باشیشە بۆ خوێنەران و توێژەران کەبەئاسانی دەستیان دەگات بەبابەت و سەرچاوەی گرنگ و پێویست لەنێوکتێبخانەکاندا.

پۆلێنکردن سوودی گەورەی هەیە بۆ هەریەك لە (خوێنەر,تویژەر,خوێندکار,مامۆستا) کە دەبێتە ئاسانکاریی لەدۆزینەوەی هەرکتێبێکدا کەبیەوێت,پۆلێن بەبنچینەی کارە سەرکەوتووەکانی کتێبخانە دادەنرێت,کتێبخانە پیویستیەکی زۆری هەیە بە پۆلێنکردن سەرچاوەکانی, پۆلێنێکی هونەریانە تاوەکو خوێنەران و تویژەران بەئاسانی و خێرایی بگەنە سەرچاوەکای کتێبخانە,

ئامانجی سەرکی پۆلێنیش گەیشتنی خوێنەرانە بەو سەرچاوانەی لەکتێبخانەدا هەیە بەئاسانترین شێوە و کەمترین ماوە,لەم بارەیەوە مارگارت مانی شارەزای کتێبخانەکان دەڵێت:(ئامانجی پۆلێنکردن ئەوەیە کە کۆمەڵە کتێبەکان بەچەشنێك سیستەم بکرێت کە هەر کتێبێك بەئاسانی بدۆزرێتەوە)

پۆلێن زۆر کار لەکتێبخانە ئەنجام دەدات,کەدەبێتە بنەمای کاری ڕێکخستنی سەرچاوەکای کتێبخانە بەمەبەستی بەکارهێنانیان,لەهەمان کاتدا کارئاسانی بۆ توێژەران دەکات بەپێدانی زانیاری بۆ گەیشتن بەو بابەتانەی کەمەبەستیانە بەئاسانترین شێوە لەکاری خواستندا, لەهەمان کاتدا پۆلێن کاردەکات بۆ کۆکردنەوەی کتێب لەبابەتێکی دیاری کراو لەشوێنێکی دیاریکراو,و ئەو بابەتانەی لێکدەچن لێکیان نزیك دەکاتەوە .

ئاماجی سەرکی و بنەڕەتی پۆلێنکردن, ڕێکخستنی بەرهەمەکان و کەرەستەکان و سەرچاوەکانی کتێبخانەیە تا لەو ڕێگەیەوە بتوانرێت ئەو کتێبانەی کەپێویستە لەنێو کۆمەڵە کتێبەکاندا بەخێرایی و بەئاسانی بدۆزرێتەوە, بەواتایەکی دیکە ئامانجی پۆلێنکردن ئامادەکردن و ڕێکخستنی کۆمەڵە کتێب و کەرەستەکانی کتێبخانەیە بۆ کەڵکوەرگرتن بەچەشنێك  کە بەبوونی کەمترین زانیاری سەبارەت بەکتێب یان بەرهەمێك بتوانرێ بەئاسنی و بەخیرایی بدۆزرێتەوە,

لەگەڵ ئەوەشدا پۆلێن سودێکی گرنگی بۆ پسپۆڕی کتێبخانە هەیە,چونکە پرۆسەی پۆلێن زەمینەی بۆ دەڕەخسێنێ کەوا خزمەتی خوێنەران بکات بە وەڵامدانەوەی داخوازیان لەکەمترین ماوەدا, بێ ئەوەی بەهیچ جۆرێك کاتیان بەفیرۆ بدات, و لەهەمان کاتدا تێگەشتن لەسیستمی پۆلێنی بەکارهێنراو

لەکتێبخانەداو چۆنیەتی پراکتیزەکردنی کارێکی یەکجار پێویستە بۆ سەرجەم کارمەندانی کتێبخانە تابتوانن کتێبەکان بگەیەننە شوێنی خۆیان و بەئاسانیش بگەڕێنەوە سەریان لەنێو ڕەفەکاندا. واتە ڕێگەیکە بۆ گەڕانەوەی کات لەکاتی دەرهێنانی کتێب و گەڕانەوەی بۆ جیگای خۆی بەوردی و بەپێی بابەتەکان.

لەگەڵ هەموو ئەوانەی باسکران, یەکێکی دیکە لەسوود و ئاماجەکانی پۆلێن ئەوەیە هاوکار و دەستبارێکی باشە بۆ فەرمانبەرانی کتێبخانە, کە دوای گەڕانەوەی کتـێبەکان لەلایەن خوێنەران و تویژەرانەوە, بەئاسانترین شێوە و لەکەمترین کاتدا کتێبەکان دەخرێنەوە شوێنی خۆیان لەنێو ڕەفەکان,چونکە پۆلێن دەستبارێکی باش بووە بۆ جیاکردنەوە بابەتەکانی کتێبەکان و جیاکردنەوەی سەرچاوەو بەشەکان لەنێو ڕەفەکان.

بەشێوەیکی گشتی پۆلێن سوود و ئامانجی گرنگی هەیە بۆ کتێبخانە,وەك وتراوە پۆلێن و کتێبخانە دوو ڕووی یەك دراون و پۆلێن دەبێتە هۆی ڕێکخستنی سەرچاوەکانی نێوە ڕەفەی کتـێبخانەکان و بەرچاو ڕۆشنی زیاتر دەدات بەئارەزوومەندانی کتێب و توێژەران و وەگەرانەوەی کاتی گونجاو بۆ ئەو کەسانەی بەدوای سەرچاوەکاندا دەگەڕێن لەنێو کتێبخانەدا.